Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.2.4

OPEN ACCESS

*Corresponding author

Sazan Dhahir Saeed
Sazan.mohammad@univsul.edu.iq

RECEIVED :01 /09/2024
ACCEPTED :21/10/ 2024
PUBLISHED :15 /04/ 2025

# تاکنواندن و جووتنواندن لەنێوان فەرهەنگ و ڕێزماندا

**سازان ظاهر سعيد** / بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی، هەرێمی کوردستان، عیراق

**عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف** / بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی، هەرێمی کوردستان، عیراق

**وشە سەرەکییەکان:**
تاکنواندن،
جووتنواندن،
فەرهەنگ،
نواندنی مۆرفۆلۆژیی،
نواندنی سینتاکسیی

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بۆ (تاکنواندن و جووتنواندن لەنێوان فەرهەنگ و ڕێزماندا) تەرخانکراوە. پوختەی کارەکە بەوجۆرەیە، کە ئەگەرچیی دروستەو دەرکردەکان لە هەر ئاستێکی ڕێزماندا بن، پرۆژەو بەرهەمی فەرهەنگن، بەڵام پێشبینییدەکرێت دروستەو سەگمێنتە پێکهێنەرەکان لە فەرهەنگ و ڕێزماندا لەیەکجیاوازبن، بەوپێیەی توخمەکان بە شێوەی تاک فۆرمیی لە فەرهەنگدا هەڵگیراون، بەڵام لە وەچەپێکهاتەکانی ڕێزماندا بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی تێرو بێکەموکوڕیی، دروستەییانە بە شێوەی سێت ڕوودەدەن. بەوەش توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە هیچ کەرەستەیەک بە تەنها گۆکردنی ڕێزمانیی نابێت، بەڵکو هەر پرۆژەیەکی ڕێزمانیی، پێڕەوی جووتنواندن و لەوەشەوە ڕێسای دووپەلکیی جێبەجێدەکات، ئەگەرنا بە ملکەچبوونیان بە مەرجی (فەرهەنگیی، ناسراویی، ئەرکیی)یەوە، هەلومەرج و دەرفەتی گۆکردنی تاک فۆرمییان بۆ دەرەخسێنرێت، بۆیە لەوبارەداو بە مەرج، پێکهاتە ڕێزمانییەکان تاکنواندن بەرجەستەدەکەن.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (تاکنواندن و جووتنواندن لەنێوان فەرهەنگ و ڕێزماندا)، ئامانجی توێژینەوەکە، هەوڵێکە بۆ پەسنکردنی چۆنێتیی نواندنی توخمە فەرهەنگییەکان لە وەچەپێکهاتەکانی ڕێزماندا پەیوەست بە دروستەو سەگمێنتە پێکهێنەرەکانیانەوە، کە بەپێی تیۆرەکانی (X-bar، پۆلەڕەگەزدیاریکردن، پاساودان (Checking) کاری تێدا کراوە. توێژینەوەکە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێت، کە ئایا توخم و پێکهاتەکان لە هەردوو ئاستی فەرهەنگ و ڕێزماندا بە کام جۆر نواندنەوە (تاکنواندن، جووتنواندن) ڕوودەدەن؟ هەروەک لە ئەگەرێکی پێچەوانەشدا، کام مەرجانە هەلومەرجی گۆکردنیان لە پێکهاتە جیاوازەکاندا بۆ دەرەخسێنن؟ بۆئەوەش توێژینەوەکە دوو بەش لەخۆدەگرێت، بەشی یەکەم بۆ (زانیاریی و ناواخنی فەرهەنگیی توخمەکان، پاشان چەمک و جۆرەکانی نواندن تەرخانکراوە. بەشی دووەم، بەشێکی کارەکییەو تایبەتە بە نواندنی سەگمێنتە پێکهێنەرەکانی کەرەستە زمانییەکان لە وەچەپێکهاتەکانی (فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس)دا. گرنگیی توێژینەوەکە، خستنەڕوو و پەسنکردنی زانستییانەی توخم و دروستە/ دەرکردەی وەچەپێرەوەکانی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس)ە پەیوەست بە تاک فۆرمیی، یان جووت فۆرمیی نواندنیانەوە لەسەر بنەمای شیکردنەوەو ڕاڤەکردنیان بەپێی ڕێبازی (پەسنیی شیکاریی)، نموونەو کەرەستەکانیش لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی شێوەزاری سلێمانییەوە وەرگیراون و تاقیکراونەتەوە.

## ١. پێکهاتەو زانیاریی فەرهەنگیی

### ١/١ ناواخنی فەرهەنگیی

توخمە فەرهەنگییەکان ئەو کەرەستە خاوانەن، کە زانیارییە زمانییەکانیان بە متی و شاراوەیی تێدا هەڵگیراوەو هەر بەو زانیارییانەشەوە وەک کەرەستە بەراییەکان، ڕووبەری چەمکیی فەرهەنگی زمان پێکدەهێنن. بەوەش فەرهەنگ مەودای پاراستن و گەنجکردنی تەواوی توخمە بەراییە فەرهەنگییەکان (X0) لەخۆدەگرێت، کە لە ڕێزماندا بەهۆی خستنەگەڕی زانیارییە تێدا_هەڵگیراوەکانیانەوە، دەرفەتی نواندنی زمانییان پەیوەست بە وەچەپێرەوە جیاوازەکانەوە بۆ دەرەخسێنرێت، بۆئەوەش وابەستەی پەیرەوکردنی ئەو یاساو ڕێسایانە دەبن، کە هەریەک لە وەچەپێرەوەکانی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس) کردوویانەتە مەرج و بنەمای نواندن و بەرجەستەکردنی زانیارییە ئەبستراکتییەکان. بەوپێیە تەواوی زانیارییە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان لەناو توخمە فەرهەنگییەکاندا هەڵگیراون، تا بەهۆی پێواژۆ زمانییە هەمەجۆرەکانەوە، لەناو پێکهاتە/ دروستە ڕێزمانییە گەورەترەکاندا بنوێنرێن و دروستەی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی) بەرهەمبێت، هەربۆیە دروستە زمانییەکان دەرکردەو بەرهەمی هەر وەچەپێرەوێک بن، پەیوەست بە زانیارییە ناوەکییەکانیان و یاساو ڕێسا زمانییەکانەوە، پڕاوپڕو بێکەموکوڕیین.

### ٢/١ پێرەوی نواندنی زمانیی

توێژینەوەکە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێت، کە ئایا تاکنواندن و جووت_نواندنەکان زانیاریی پێشینەی فەرهەنگیین، یان ڕێزمانیی؟ گەر جۆرێکن لە زانیارییە هەبوو و چەسپاوەکان، ئایا ڕوودانیان مەرجدارە بە ڕێگەپێدانی سینتاکسیی و سیمانتیکیی؟ واتە بنەمای زمانیی-ڕێزمانیی، دەستەبەر (ضمان)ی دروستیی نواندنیان دەکات؟

دەستخستنی وەڵامی ئەو پرسیارانە، پێویستیی دارشتنی گریمانەیەک دەهێنێتەئاراوە، تا لەڕێی لێکدانەوەوەو تاوتوێکردنییەوە بە هێنانەوەی نموونەی پێویست، ڕاست و دروستیی، یان پێچەوانەکەی بسەلمێنرێت.

لەو ڕوانگەیەوە، گەر وەهای دابنێین تاکنواندنەکان ڕاستەوخۆ بەرهەمی ڕێزمانن و لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا بەرجەستەدەکرێن، ئەوکات فەرهەنگ وەلادەنرێت/ پەراوێزدەخرێت و هەمبەر بە ڕێزمانیش، بە دوو پێکهاتەی دابراولەیەک دادەنرێن، بەوەش ئەو بۆچوونە ڕەتدەکرێتەوە، کە فەرهەنگ بە کۆگای هەڵگرتنی تەواوی زانیارییەکان دادەنێت، بەوپێیەی (ا) ڕێزمان مەودای بەرجەستەکردنی تەواوی زانیارییە فەرهەنگییەکانە، (ب) فەرهەنگ و ڕێزمانیش

پێکەوە، پێڕەوە تیۆروتەسەلەکەی زمانی مرۆڤ پراوپڕو تەواودەکەن، کە تێیدا پێکهاتەی ڕێزمان، بەهۆی وەچەپێکهاتەو دروستە جیاوازەکانییەوە، جیاکاریی نواندنەکان لە دوو ئاستدا مارکەدەکات، ئەوانیش:

١. تاکنواندن

٢. جووتنواندن

پشتبەست بە خاڵی (ا)، مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس ناوەندی زمانیی/ ڕێزمانیی ئەزموونکردنی زانیارییەکانن لەبارەی جۆری نواندنە جیاوازەکانی توخمە فەرهەنگییەکانەوە، لەوەشەوە گریمانەدەکرێت پێکهاتە ڕێزمانییەکان خاڵی کنەو پشکنین و یەکلاکردنەوەی جۆری نواندنەکان بن پەیوەست بە هەندێک ڕێسای زمانیی دیاریکراوەوە، کە پەیکاڵی مەرجداریی پەیوەندیی تەواوکاریی نێوان فەرهەنگ و ڕێزمان، پارێزگاریی دروستیی و جۆرو چۆنێتیی نواندنی یەکەو توخمە جیاوازەکانیان دەکەن.

تاکنواندن، ڕەهەندێکی بنەمایی فەرهەنگیی هەیە، واتە زانیاریی زگماکیی و فەرهەنگیی ئاکاری هەر توخمێکە، کە هەڵگری بیچمی تاک–فۆرمییە، ئەوەش دەبێتە بەشێک لە زانیارییە فەرهەنگییەکەی، واتە گریمانەدەکرێت تاکنواندن زانیاریی پێش–نواندنی ڕێزمانیی بێت، بۆیە پێدەچێت هەر توخمێک لەتەک زانیارییە زمانییەکانیدا، بە فیچەری [+تاکنواندن]ەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیرابێت. ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت، ئەدگاری تاکنواندن بۆ هەر توخمێکی فەرهەنگیی، بەشێکی ناواخنەکەی بە نادیاریی/ بە شێوەی ئەبستراکت پێکدەهێنێت.

کەواتە پێدەچێت لە بنەڕەتدا تاکنواندن ئەدگارێکی فەرهەنگیی بێت، نەک ڕێزمانیی، بەوپێیەی تاکنواندن هەنگاوی پێش خستنەگەڕی زانیارییە زمانییەکانە، بۆیە لە هەنگاوی دواتردا دەبێتە بنەمای بەرهەمهێنانی جووتنواندنەکان لە ڕێزماندا، بەوەش ڕێزمان جێبەجێکەری بنەما گەنجکراوەکانی (X)/ توخمەکانە، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: https://www.researchgate.net/publication/2471966_Principles_as_Lexical_Methods وەک لە هێڵکاریی (١)یشدا نیشاندراوە، ئەویش بەپێی هاتنەناوەوەی ویست و داواکارییە ڕێزمانییەکان و بەرجەستەکردنیان، هەروەک ئەو دروستە زمانییانەی پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسەوە، بە شێوەی سێتی جووت_فۆرمیی، دووپەلکییانە دەنوێنرێن.




هێڵکاریی (١)

## ٢. پێڕەوی نواندن لە زمانی کوردییدا

### ١/٢ پێڕەوی نواندنی فۆنۆلۆژیی

پێڕەوی فۆنۆلۆژیی هەر زمانێک، لە سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، کە خۆی لە ڕژێمی فۆنیمەکان (فۆنیمە کەرتییەکان)ی زمانێکی دیاریکراوو فۆنیمە ناکەرتییە/ لەگەڵ_هاتووەکاندا دەبینێتەوە. (بڕوانە (غەریب، 2023، 5). بەوپێیە کەرەستەی بنەڕەتیی پێڕەوەکە، (فۆنیم)ە، کە وەک کەرەستەیەکی ئەبستراکت، تەواوی زانیارییە فۆنۆلۆژییەکانی لە خۆیدا هەڵگرتووە، کە نیشانە جیاکەرەوەکانی فۆنیمەکانن، ئەوانیش بۆ پێواژۆی خستنەتەکیەکی فۆنیمەکان لە پەیوەندییەکی تەکنشینییداو لەڕێی جێبەجێکردنی یاساو ڕێسا فۆنۆلۆژییەکانەوە، گرنگ و بەهادارن، بەوپێیەی "پێڕەوی فۆنۆلۆژیی هەر زمانێک، پەسنکردنی پێڕەوی دەنگەکان و تەرزی دەنگەکان (چەشن و جۆرەکانی

خستنەتەکیەکەکان)ە" (مەحویی، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٨، ٥٦_٥٧)، کە لەڕێیانەوەو بەهۆیانەوە، فۆرمی واتاداری زمانیی لە سنووری بڕگەکاندا دەستدەخرێت.

ئەوەی گرنگە پەیوەست بە زانیارییەکانی پێشترەوە ئاماژەپێبدرێت، خودی فۆنیمەکان یەکەی بێواتا، یان هەڵگری واتان، نەک یەکەی پڕ_واتای زمانیی، بۆیە بەرجەستەکردنی واتا، تەنها بەهۆی فۆنیمەکانەوە روونادات، واتە فۆنیمەکان لەوڕووەوە، کە "بەپێی تیۆری فۆنۆلۆژیی نەریتیی، گچکەترین یەکەی پێرەوی دەنگیی زمانێک پێکدێنن" (Crystal, 2003, 361)، ناتوانن بە تەنها ببنە یەکەی بەرجەستەکەری واتا، ئەمەش ئەدگاری تاکنواندنییان لە فەرهەنگدا پشتڕاستدەکاتەوە، بە دەربڕینێکی تر، ئەگەرچیی فۆنیمەکان هەڵگری کۆی زانیارییە فۆنۆلۆژییەکانن و هەر ئەو زانیارییانەش دەرفەتی لەتەکیەکداهاتن و دروستیی یەکگرتنیان لە دەرکردە فۆنۆلۆژییەکە/ فۆنەتیکییەکەدا پەسەنددەکات (بڕوانە (مەعروف، سەعید، ٢٠١٨))، بەڵام بە تەنها نواندنێکی سەربەخۆیان نییە، بەڵکو بە خورتیی دەخرێنەتەکیەک و بۆئەوەش، ڕەهەندی دروستەیی و واتایی (پەیوەست بە فەرهەنگی کوردییەوە)، مەرجی بەرجەستەکردن/ نواندنیان لە دەربڕین/ فۆنەتیکدا بۆ فەراهەمدەکات، بەوهۆیەشەوە، جووتنواندنی فۆنۆلۆژیی لە سنووری بڕگەکاندا، دەبێتە سیما باوو پێشبینیکراوەکەی چەپکە سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان. (بڕوانە (١)و هێڵکاریی (٢)). (بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر، (بڕوانە (Roach, 2009, 36)).




هێڵکاریی (٢)

## ٢/٢ جۆراوجۆریی نواندنی مۆرفۆلۆژیی

زانیارییەکانی پێشتر ئەوە دەسەلمێنن، کە کەرەستەکانی هەر وەچەپێکهاتەیەک و ئەو بەرهەمهێنانەی لە فەرهەنگدان، پەیوەست بە سەگمێنتەوە هەمان ئەو بەرهەمهێنانە نین، کە لە ڕێزماندا دەنوێنرێن، بەڵکو توخم و کەرەستەیەکی فەرهەنگیی، بە تەواویی لە کەرەستەیەکی ڕێزمانیی جیاوازە، تەنها ئەوە نەبێت، کە بنەماو بنەچەکەی فەرهەنگەو لەوەوە دەستخراوە، ئەمە پێماندەڵێت فەرهەنگ و زانیاریی دەروازە فەرهەنگییەکان، پێشبینیی بونیاتنانی بیچم و دەرکردەی جیاوازیان لە ڕێزماندا لێدەکرێت، بۆ ئەمەش (أ) جێبەجێکردنی یاساو ڕێساکان پەیوەست بە تەرزی جۆراوجۆری فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەوە بۆ دەستخستنی دروستە زمانییەکان گرنگ و بەهادارن، (ب) نواندنی دروستەو دەرکردە بەرهەمهاتووەکانی ئەو تەرزانە لە ڕێزماندا، بەڵگەیە بۆ پەیکاڵیی و وەکیەکیی نێوان دروستە نوێنراوەکەو زانیارییە هەبووەکەی ناواخنی توخمەکە، ئەگەرچیی پەیوەست بە چەندێتیی سەگمێنتە پێکهێنەرەکانیشیانەوە لەیەکجیاواز بن. (بڕوانە (٢، ٣)و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (٣)دا)،

٢. / کەو/ $X^0$







هێڵکاریی (٣)

نموونەی (٢)، ئاماژەیە بۆ بیچمێکی فەرهەنگیی تاک فۆڕمیی مارکەلێنەدراو، بەڵام پەیوەست بە نواندنە مۆرفۆلۆژییەکەیەوە، بیچمی جووت_فۆڕمیی، مارکەیدەکات، کە بە فۆرمەکانی /نێرەکەو، ماکەو/ بەرجەستەدەکرێن، ئەوکات جووتنواندن دەبێتە سیما/ فیچەری ناسینەوەو دیاریکردنە مۆرفۆلۆژییانەکەی لێکسیمی /کەو/ لە ڕێزماندا.
نموونەی (٣) دەربڕی ئەو ڕاستییەیە، کە زانیارییە هەڵگیراوەکانی لێکسێمی /کەو/، بواری جووتنواندنی مۆرفۆلۆژییانەیان لە ڕێزماندا بۆ لێکسیمەکە ڕەخساندووە، هەرئەمەش پشتڕاستی وەکیەکیی زانیارییەکانی نێوان توخمە فەرهەنگییەکەو دروستە نوێنراوەکانی دەکاتەوە، بە دەربڕینێکی تر، ژمارەو چەندێتیی نواندنە ڕێزمانییەکان، بە خشکەیی وابەستەگێتیی بە ناواخن و دیوە شاراوەکەی توخمە فەرهەنگییەکانەوە پەسندەکات.

هەر پەیوەست بە نواندنە مۆرفۆلۆژییەکانەوە، گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، کە لاگرەکانی هەڵگواستن، لە فەرهەنگدا بە بیچمێکی تاک فۆڕمییەوە هەن و گەنجکراون، بەڵام لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیاندا، بناغەیەک وەک تەواوکەر هەڵاوێردەکەن، بۆیە بە شێوەی سێت دەبنە تێکردەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی بۆ تێرکردنی بەرهەم و دەرکردە مۆرفۆلۆژییەکە. (بڕوانە (٤)و هێڵکاریی (٤)).

٤_ ا. /_ستان/ $X^0$
ب. /_ستان/ + [کورد]
پ. /کوردستان/ $X^0$




هێڵکاریی (٤)

هەرچیی دروستەی وشە لێکدراوو لێکرژاوەکانیشە، هاوشێوەی وشە هەڵگوێزراوەکان، بە شێوەی جووت_فۆڕمیی ڕوودەدەن، بەوپێیەی دروستەی هەرجۆرێکیان لە سەگمێنتێک زیاترن، لە کاتێکدا توخمە خاوەکانی ئەو دروستانە لە فەرهەنگدا، بە جیاو بە بیچمی تاک فۆڕمیی هەڵگیراون، واتە وەک وشە/ توخمێکی فەرهەنگیی خاوەن فۆڕم و واتای سەربەخۆ، بەڵام دواتر توخمە فەرهەنگییەکان دەبنە تێکردەو بە پێواژۆی مۆرفۆلۆژییانە، بەهۆی پەیڕەوکردنی یاساو ڕێساکانەوە بۆ دروستکردنی فۆرم و واتای نوێ دەخرێنەتەکیەک، ئەوکات دەرکردە مۆرفۆلۆژییەکەیان، لەڕووی سەگمێنت و فۆڕم و واتاشەوە، لە توخمە فەرهەنگییە تاک فۆڕمییەکە جیاواز دەبێت، چونکە وەک گوترا، سەگمێنتە خراوەتەکیەکەکان پەیوەست بە هەڵاوێرکردنی تەواوکەر/ بناغەوە بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی مۆرفۆلۆژیی ڕوودەدەن، ئەمەش بەڵگەی بەرجەستەکردنی زیاتر لە سەگمێنتێک پشتڕاستدەکاتەوە. بۆ تاقیکردنەوەی دروستەی وشەی لێکدراو، (بڕوانە (٥)).







تاقیکردنەوەی لێکسیمە فۆرم لێکرژاوەکەی /کۆنەفرۆش/ لە (٦)دا، هەڵگری ڕاڤەکردنێکی دیکەیە، جیاواز لەوەی بۆ وشەی داڕێژراوو لێکدراو خرانەڕوو، چونکە پێکهاتەو دروستکردنی وشەکە، (ا) خستنەتەکیەکی وشەیەکی داڕێژراوە لەگەڵ بناغەیەک، (ب) یاخود لاگرێکی هەڵگواستن، وشەیەکی لێکدراو وەک تەواوکەر هەڵاوێردەکات. (بڕوانە (خدر، ٢٠٢٢، ٤٨)). بۆ نواندنی دروستەی ئەمجۆرە وشانە، لێکدانەوەکە بەو چەشنەیە، کە لەبەرئەوەی تێکردەی یاسا مۆرفۆلۆژییەکە وشەی داڕێژراو، یان لێکدراوە، کەواتە دروستەی ئەو وشانە پاش بەرهەمهێنانیان، وەک لێکسیمی نوێ بە سێتی جووت_فۆڕمیی چوونەتەوە ناو فەرهەنگ، پاشان لەلایەن توخمێکی بەدەسەڵاتەوە هەڵاوێرکراون، لەبەرئەوە سەگمێنتێکی وشە لێکرژاوەکە، لەوڕووەوە، کە پرۆژەو بەرهەمی مۆرفۆلۆژییە، خاوەنی جووتنواندنە، دواتریش دەرکردە بەرهەمهاتووەکە، ڕێسای دووپەلکیی پەیڕەودەکاتەوە. (بڕوانە (٧_ب)و نواندنی لە هێڵکاریی (٥)دا). ڕوونکردنەوەکە ئەوە دەردەخات، کە تێکردەی /دڵخۆش/ لە /دڵخۆشیی/دا، نابێتە بەڵگەی جووتنواندنی فەرهەنگیی، چونکە وەک گوترا، دروستەی /دڵخۆش/یش لە بنەڕەتدا لە توخمی تاک فۆڕمیی پێکهاتووە (بڕوانە (٧_ا)).







هێڵکاریی (٥)

ڕوونکردنەوەکە پەیوەست بە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییەوە ئەوە دەردەخات، کە پێکهاتەکانی ڕێزمان بۆ نواندنە جووتەکانن، بەوپێیەی مۆرفۆلۆژیی پێکهاتەیەکی ڕێزمانەو پەیڕەوی نواندنێکی جووت دەکات. ئەوەش بۆ زمانی کوردیی، بیرۆکەی هەڵگواستنی سفر لە مۆرفۆلۆژییدا ڕەتدەکاتەوە. هەروەها ئەوە دەخاتەڕوو، کە پرۆژەی مۆرفۆلۆژیی لەڕێی توخمی تاکنوێنراوی فەرهەنگییەوە بەرهەمدێن، کە ئاستی نواندنی (X-1) و (X0)یان هەن، بەوەش ئەگەرچیی لە فەرهەنگدا پرۆژەکە بە تاکەوە بەستراوەتەوە، بەڵام مەرجی سەرەکیی بەڕێزمانبوونەکەی/ بەمۆرفۆلۆژیی_بوونەکەی ئەوەیە، کە ببێتە پرۆژەیەکی تێرکراوی لە چەشنی (X + Y).

### ٣/٢ جۆراوجۆریی نواندنی سینتاکسیی

پێشتر ئەوە خراوەتەڕوو، کە سینتاکس وەک وەچەپێکهاتەیەکی ڕێزمان، بۆ نواندنی کۆی زانیارییە هەڵگیراوەکانی ناو توخمێکی فەرهەنگیی X0 یە. لەمڕووەوە، هەبوون و دیاریکردنی ناواخن/ تەواوکەر لە نواندنی سینتاکسیی توخمێکی فەرهەنگییدا، یاخود پێچەوانەکەی، دەبێتە سەنگی مەحەک و ڕێگە بۆ پێشنیازکردنی جۆراوجۆریی نواندنی سینتاکسییانەی توخمەکان پەیوەست بە تێرکردنی پرۆژەی بێکەموکوڕییەوە خۆشدەکات. هەر لەمڕووەوە، جۆراوجۆریی نواندنی سینتاکسیی، دوو ئەگەرو شیمانە لەخۆدەگرێت، کە پاش جێبەجێکردنی پێواژۆ سینتاکسییەکان، دروستەو دەرکردە بەرهەمهاتووەکان بەرجەستەیاندەکەن، کە بۆ هەرجۆرێکیان بنەمایەکی دروستەییانە پەیوەست بە تاک فۆرمیی و جووت_فۆرمییەوە حوکمدەکات و هەرئەوەش جڵەوی بڕیاردان و یەکلاکردنەوەی جۆری نواندنەکەی لەئەستۆدایە، وێڕای ئەوەی هەردوو جۆرەکە، سینتاکسییانەو سیمانتیکییانەش لەیەکجیاوازن و لەوڕووەوە ئەدگاری تایبەت بە خۆیان هەن.

### ٣/٢_١ تاکنواندنی سینتاکسیی

گریمانەکان پەیوەست بە نواندنە سینتاکسییەکانەوە، خۆی لە دوو ڕوانگەی تیۆرییدا دەبینێتەوە، ئەوانیش (ا) لە چێوەی ڕێزمانی حوکمکردن و بەستنەوەدایەو لە تیۆری X-Bar دا بانگەشەی بۆکراوەو ئەوە ڕادەگەیەنێت، کە (X)ە فەرهەنگییەکان لە سینتاکسدا نواندنێکی جووتی لە چەشنی (X+ Y)یان هەن، بەوەش پێشبینیی هەبوونی نواندنێکی تاک لە سینتاکسدا ناکرێت (بۆ مەرجی تاکنواندنی سینتاکسیی، بڕوانە دواتر). (ب) لە قۆناغی پرۆگرامی کەمینە_ Minimal Program دا، تیوری پاساودان (Checking Theory)، کە تیۆرێکی نواندنە سینتاکسییەکانی فۆرمێکی فەرهەنگییەو بانگەشەکەی بەو چەشنەیە، هەر سەرێکی فەرهەنگیی لەلایەن سەرێکی ئەرکییەوە پاساودەدرێت، جا ئەگەر لە زمانێکدا سەرە ئەرکییەکە بەرجەستەبێت، یان نابەرجەستە، ئەوا سەرە ئەرکییەکە لە نواندنە سینتاکسییەکەدا شوێن و دەسەلاتی تایبەت بە خۆی دەبێت و نواندنەکەش دەکاتە جووت.

هەرچەندە گریمانەو بانگەشەکانی تیۆری X-Bar ئەوەی تێدا دەربڕاوە، کە (X)ەکان پرۆژەسازدەرن و لە سینتاکسدا دەبنە نواندنێکی جووتیی، بەڵام هەندێک لە نواندنەکان لەو بنەمایە دەردەچن، مەرجدارانە لە سینتاکسیشدا بیچم و فۆرمیان هەمان شتە.

### ٣/٢_١_١ پێڕەوی نواندنی کردار

کردارەکان لە فەرهەنگدا بە ناواخنی سینتاکسیی و واتاییەوە هەڵگیراون، ئەوەش لە بەرهەمهێنانی دروستەی ڕێزمانیی/ سینتاکسییدا ڕۆڵی دەبێت. کرداری فەرهەنگیی (کە مەبەست لێی ڕەگی کردارە)، پەیرەوی چوار یاسای سینتاکسیی دەکەن، ئەو ئاکارەش بە بەرهەمهێنانی جۆری جیاوازی فرێزی کردارەوە پەیوەستە (بۆ یاساکانی بەرهەمهێنانی فرێزی کرداریی، (بڕوانە (مەعرووف، ٢٠٢٠، ٦٢- ٦٩))، هەر بە پێوەرە فەرهەنگییەکەوە هەندێک کردار بۆ نواندنی هەندێک توخمی فەرهەنگیی لە سنووری فرێزە سینتاکسییەکاندا، شیمانەی نەبوونی تەواوکەری لێدەکرێت، بۆئەمەش گۆکردنە سینتاکسییەکەی ئەو توخمانە مەرجدارەو جێبەجێکردنی، هەلومەرجی دەربڕینیان لە ڕێزماندا بۆ دەرەخسێنێت. هەروەک مەرجی فەرهەنگیی، کە پشتبەستووە بە ئەو زانیارییانەی، ڕێزمان پەیوەست بە نواندنە فەرهەنگییەکەی توخمەکانەوە پەسنیاندەکات و لە دروستەی فرێزە سینتاکسییەکاندا ڕەنگدەداتەوە، وەک نموونەی کردارە تێنەپەڕەکان، کە فۆرمدارشتنە فەرهەنگییەکەیان پەیرەوی یاسای فەرهەنگیی لە جۆری V0 + [...] دەکات، یاساکەش دەبێتە بەڵگەی ئەو ڕاستییەی، کە کرداری فەرهەنگیی/ ڕەگی ئەوجۆرە کردارانە، ناواخنێکی سفریان هەن، واتە پێویستیی هەبوونی ئارگومێنت بۆ تێرکردنی پرۆژەی فرێز لەئارادا نییە، بەڵکو خودی کردارە فەرهەنگییەکەی V0 وەک سەری ڕێزمانیی، بە تەنها وەک (-V) دەنوێنرێت و گۆکردنی سینتاکسیی دەبێت، بەوەش پەیکاڵی نواندنە فەرهەنگییەکەی، تاکنواندنی سینتاکسیی، دەبێتە بەرجەستەکەری توخمە سینتاکسییەکە لەڕووی دروستەو ئەرکەوە. (بڕوانە (٨) و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (٦)دا).

٨. ڕۆش/ $V^0$

ڕۆش $V^-$ تاکنواندنی سینتاکسیی

ڕۆش $V^0$ تاکنواندنی فەرهەنگیی

هێڵکاریی (٦)

لێکدانەوەو شیکردنەوەی نموونەی (٨) ئەوە دەخاتەڕوو، کە ڕوودانی چەمکی تاکنواندن، تەنها مەودایەکی فەرهەنگیی نییە، بەڵکو هەندێک لە توخمەکان بە هەمان تاک فۆڕمییەوە، نواندنێکی سینتاکسییشیان دەبێت، واتە هاوشێوەی فۆڕمە فەرهەنگییەکەیان، پەیڕەوی تاکنواندنیی دەکەن، ئەمەش ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە، کە لە وەچەپاری (٢/١)ی توێژینەوەکەداو لە چێوەی گریمانەیەکدا، سنووری بەرجەستەکردنی تاکنواندنییەکان، تەنها بە فەرهەنگەوە وابەستەکرابوو. لێرەوە پشتبەست بە شیکردنەوەو ڕاڤەکردنەکان، هێڵکاریی (٧) وەک ئەپدەیتی هێڵکاریی (١) پێشنیازدەکرێت و دەبێتە جێگرەوەی.




هێڵکاریی (٧)

بەوپێیە نیشانەی [+تاکنواندن] بە تەنها ئەدگاری فەرهەنگیی توخمەکە پێکناهێنێت، بەڵکو مەرجی فەرهەنگیی لەوەدا خۆیدەبینێتەوە، کە گرەنتیی دروستیی تاکنواندنە ڕێزمانییەکان دەکات، چونکە تاکنواندنە ڕێزمانییەکان هەر لە فەرهەنگەوە بنەمایان بۆ دادەنرێت، بەوپێیەی، مەرجە فەرهەنگییەکە پەیوەست بەو توخمانەوە بنەماییەو ڕەنگڕێژی جۆری نواندنەکان دەکات، بە پێچەوانەشەوە، بەزاندنی مەرجە فەرهەنگییەکە، ناوەکیەکیی دروستەو لەوەشەوە پەیکاڵنەبوونی لەگەڵ نواندنە ڕێپێنەدراوەکەدا لێدەکەوێتەوە (بڕوانە (٩)و بە (١٠) بەراوردیبکە، پاشان بڕوانە نواندنی (٩) لە هێڵکاریی (٨)دا).

٩. /نانخواردن/ $X^0$

١٠_ا. /کڕ/ $V^0$

ب. {سەوزە کڕ}

لە نموونەی (٩)دا، لە فەرهەنگەوە جۆری نواندنی لێکسیمەکە پەیوەست بە پۆلەڕەگەزدیاریکردن/ ناواخنەکەیەوە دیاریدەکرێت، کە هەڵگری فیچەری تاکنواندنە، واتە کردارەکە لەڕووی هێزەوە تێنەپەڕە، بەوەش هیچ ویستێک لە ناواخنیدا بەڵگەیی/ ئارگومێنتیی نییە، بەڵکو ئەو فرێزە سینتاکسییانەی بەهۆی ئەمجۆرە کردارانەوە بونیاتدەنرێن، دروستەی تاک فۆڕمییان هەن، بۆیە بە ڕێسای یەکپەلکیی، دەنوێنرێن (بڕوانە هێڵکاریی (٨))، هەرئەمەش وادەکات ڕێگە بە هێڵکاریی (٩) نەدرێت، کە تێیدا بەزاندنی مەرجە فەرهەنگییەکە پەیوەست بە تاک فۆرمیی لێکسیمەکەوە، بووەتەهۆی بەرهەمهێنانی دروستەیەکی جووت_فۆڕمیی ناڕێزمانیی و لەوەشەوە شێواندن/ نادروستیی نواندنە ڕێزمانییەکەی، بۆیە ئەوجۆرەی نواندن پەیوەست بەو توخمانەوە، کە لە فەرهەنگدا بۆیان دیاریکراون، ڕێگەپێنەدراون، ئەمەش ڕێسا دووپەلکییەکە هەڵدەوەشێنێتەوەو کۆتیدەکات.




هێڵکاریی (٨)




هێڵکاریی (٩)*

### ٣/٢_١_٢ پێڕەوی نواندنی ئاوەڵکردار

لەلایەکی دیکەوە، وێڕای پەسنکردنەکان لەبارەی جیاوازیی سەگمێنتی کەرەستەو بەرهەمهاتووەکان لەنێوان فەرهەنگ و ڕێزماندا، بەڵام ئەگەری ڕوودان/ گۆکردنی توخمە تاک فۆرمییەکان لە ڕێزماندا، بە مەرج ڕێگەپێدراوە. ئاوەڵکردارەکان توخمێکی تاک و تەنهای فەرهەنگیین و جڵەوو دەسەڵاتی سینتاکسییان نییە، ئەوەش بۆ ئەو ئاکارە فەرهەنگییە دەگەڕێتەوە، کە نە دۆخدەرن و نە لەگەڵ تەواوکەرێکدا پرۆژەیەکی دوانیی بەرهەمدەهێنن، بەوەش نواندنێکی تاکیان دەبێت. بۆ نموونە لێکسێمی /جوان/ لە فەرهەنگدا، سەگمێنتێکی تاک فۆرمییە، بەڵام گەر بە هەمان پۆلەڕەگەزە ئاوەڵناوییەکەیەوە بێتەناو ڕێزمانەوە، ئەوا بە سێت ڕوودەدات و دروستەکەی بۆ جووت_فۆرمیی دەگۆڕێت، واتە دەبێتە جووت_سەگمێنتیی (بڕوانە (١١_پ))، بەڵام بۆ گۆکردنی سینتاکسیی توخمەکە بە هەمان سەگمێنتە فەرهەنگییەکەیەوە، مەرجی ئەرکیی لەئارادایە (بڕوانە (١١_ا) و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (١٠)دا، کە تێیدا کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی {جوان} بەهۆی جێکەوتە سینتاکسییەکەیەوە لە ئاوەڵناوکەوتووە، واتە جێکەوتەکەی بە هەمان سەگمێنتە فەرهەنگییەکەیەوە، کە تاک فۆرمییە، ئەرکە سینتاکسییەکەی بۆ ئاوەڵکردار گۆڕیوە، بەوەش (ا) مەرجی ئەرکیی، هۆکاری ڕوودانی لێکسیمەکەی /جوان/ە لە سینتاکسدا بە هەمان سەگمێنتەوە، (ب) خاڵی (ا)یش ڕێگەخۆشکەرە تا فریزە سینتاکسییەکەی {جوان} بەهۆی ئەوەی لە دۆخدەریی و پرۆژەسازدەریی کەوتووە، سیستمی تاکنواندنیی پەیڕەوبکات (بڕوانە (١١_ب)).

١١_ا. منداڵەکە <u>جوان</u> خەوتووە.
Adv⁻

ب. /جوان/ $X^0$ ⟵ {جوان}$^{Adv^-}$

پ. /جوان/ $A^0$ ⟵ {منداڵی جوان} $^{AP}$

جوان $Adv^{-}$ تاکنواندنی سینتاکسیی

جوان $A^{0}$ تاکنواندنی فەرهەنگیی

هێڵکاریی (١٠)

**٣/٢_١_٣ پێرەوی نواندنی ناو**

ناوەکان توخمی پرۆژەسازدەرن، بەپێی گریمانەکانی تیۆری (X–Bar)یش یەکێکن لە سەرە ڕێزمانییەکان، بەوەش دەبێت پێشبینیی ئەوە بکرێت، لە سینتاکسدا لە (X)ەوە ببنە (X, Y)، بەڵام دەبێت ئەوە ڕوونبکرێتەوە، وەک لە خوارەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، ناوەکان لە فەرهەنگدا ئاستی نواندنی (Y)و (X)یشیان هەن، ئەوەش دەربڕی ئەوەیە، لە سینتاکسدا دەمێک ڕەفتاری حوکمکەرو دەمێک حوکمکراویان هەن. لە سەرێکی ترەوە وەک پێشتر ئاماژەی بۆکرا، بەپێی گریمانەکانی مینیمال، دەبێت توخمە فەرهەنگییەکان لەلایەن سەرە ئەرکییەکانەوە پاساوبدرێن، ئەوەش دەربڕی ئەوەیە، کە هەموو نواندنێکی سینتاکسیی، دەبێت دوانەیی/ جووتنواندن بن.

**٣/٢_١_٣_١ ناوی گشتیی**

هەر لەوڕووەوە، ناوە گشتییەکان، کە بە فیچەری [+گشتیی]یەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون، بەوەش لە فەرهەنگدا (Y)و گۆکردنیان لە جێکەوتەی فریزدا مەرجدارە، چونکە "ناوی گشتیی بە تەنیا گۆکردنی فریزی نییە، مەگەر بە قورساییخستنەسەر (Stress) ناوە گشتییەکە، نیشانەی [+ناسراویی] پێبدرێت" (مەعروف، ٢٠١٠، ٢٦). ئەوەش دەربڕی ئەوەیە، کە قورساییخستنەسەر ئەڵتەرناتیڤی سەری ڕێزمانییەو پاساودەری توخمە فەرهەنگییەکەیە. (بڕوانە (١٢))و شیکردنەوەکەی دواتر.

١٢. شیر، خواردنەوەیەکی بەسوودە.

لە (١٢)دا، {شیر} حوکمی فریزی دەبێت و دەتوانێت پەیوەست بە ڕێزمان و واتاوە، جێکەوتەی سینتاکسیی بگرێت، کە تێیدا توخمەکە بە شێوە تاک فۆرمییەکەیەوە، واتە بێ هەڵاوێرکردنی تەواوکەر ڕێگەپێدراوە، لەکاتێکدا فریزەکان بە سێتیی (X,Y) دێنە سینتاکسەوە، بۆیە بۆ پاراستنی ئەو بۆچوونە، مەرجی فۆنۆلۆژیی لەئارادایە، کە ڕێپێدانە سینتاکسییەکەی بۆ فەراهەمدەکات، ئەویش بەهۆی قورساییخستنەسەرەوە، کە وەک X0 هەژماردەکرێت، بەوەش ناوە گشتییەکە حوکمی فریزی تەواوکەری دەبێت، واتە جێکەوتەکەی بەڵگەیی دەبێت و X0 مکەش نواندنێکی سفری دەبێت، کەواتە مەرجە فۆنۆلۆژییەکە وادەکات لێکسیمە فەرهەنگییەکەی /شیر/ پەیرەوی سیستمی تاکنواندن بکات.

لێرەوە پێشبینییدەکرێت، جیاوازیی جۆرو چەندێتیی نواندنی توخمەکان لە فەرهەنگ و ڕێزماندا، ئەگەری جووتنواندنیی بێنێتەئاراوە، ئەویش وەک گوترا لەوڕووەوەیە، کە (ا) توخمە فەرهەنگییەکان تەنها وەک فۆرمی ناونان بەرپرسی پاراستن و گەنجکردنی زانیارییەکانن، بۆیە بە فۆرم/ بیچمی تاک هەڵگیراون، (ب) نواندنیان لە ڕێزماندا پەیوەست بە پرۆژەی ڕێزمانیی جیاوازەوە، ئەگەری جووتنواندنیان دەستەبەردەکات، چونکە ڕێزمان بۆ ڕوونکردنەوەو پەسنکردن و بەرهەمهێنانە، کە ئەوەش لە هەر ئاستێکی نواندن، واتە لە هەر وەچەپێکهاتەیەکیدا، لەڕێی دروستەو پرۆژە جۆراوجۆرەکانییەوە جێبەجێیدەکات.

### ٣/٢_١_٣_٢ ناوی تایبەتیی (کەس، شوێن)

هەر پەیوەست بە مەرجی فەرهەنگییەوە، لێکدانەوەی ناوی تایبەتیی کەس لە سینتاکسدا، بەپێی جۆری دروستە لێ_بەرهەمهاتووەکەی، دوو شیکردنەوە هەڵدەگرێت:

(1) پێدەچێت دروستەی فرێز پەیوەست بەم توخمانەوە، بەرهەمی سەرێکی دەرنەبڕراو بێت (بڕوانە (١٣_أ))، (2) لەو پرۆژانەدا، کە دروستەکەیان لە جۆری فرێزی خستنەپاڵی ناویین، بە گەڕانەوە بۆ بنەماکانی تیۆری X_bar، شیمانەی ئەوە دەکرێت، خودی ناوە تایبەتییەکە، حوکمی توخمێکی پرۆژەسازدەری هەبێت و وەک ئەو گۆبکات (بڕوانە (١٣_ب)).

١٣_أ. <u>کارۆ</u> یارییدەکات. ~ ئەو یارییدەکات.

ب. <u>خوشکەکەی چرۆ</u> نەچووەتە قوتابخانە. ~ خوشکەکەی ئەو نەچووەتە قوتابخانە.

بەپێی شیکردنەوەکانی سەرەوە بێت، لە (١٣_أ)دا کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی {کارۆ} بە بەرهەمی سەرێکی دەرنەبڕراو هەژماردەکرێت، بۆیە هەڵسوکەوتی جووتنواندنی سینتاکسییانە بە فرێزەکە دەدات، چونکە ئەوکات فرێزی {کارۆ} لە مەودا سینتاکسییەکەیدا حوکمی فرێزی تەواوکەر Y/ ئارگومێنت_داواکراوی دەبێت، هەروەک یاسای نواندنە فەرهەنگییەکەی لە (١)دا نیشاندراوە.




بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر ناوە تایبەتییەکە لە (١٣_أ)دا بە توخمی پرۆژەسازدەر$X^0$ دابنێین، ئەوکات بۆ لانەدان لەو بۆچوونەی، فرێزەکان بە سێتیی لە سینتاکسدا دەرکەوتنیان دەبێت، تەواوکەرەکە بە دەرنەبڕراو دادەنرێت، لێرەشدا پێویستیی هیچ ئاماژەبەندییەکی سینتاکسییانە لەنێوان سەرو تەواوکەردا لەئارادا نییە، تا لە فۆرمە سنتاکسییەکەدا سەرە ڕێزمانییەکە وابەستەی تەواوکەر بکات و نەبوونی، کەلێنی سینتاکسیی و سیمانتیکیی دروستبکات، بۆیە ئەم لێکدانەوەیە وەک پاساوێکی زانستیی، یەکلاکردنەوەی ئەو بۆچوونە مسۆگەرناکات.

وێرای لێکدانەوەکانی سەرەوە پەیوەست بە ناوە تایبەتییەکەی /کارۆ/وە، گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، کە گۆکردنی سینتاکسییانەی {کارۆ} بە شێوەی تاک فۆرمیی، وابەستەیە بە نیشانەی [+ناسراوییی]ی ناوەکەوە، واتە ئەدگاری ناسراویی، کە ئەدگارێکی بنەڕەتییەو لە ناوی تایبەتییدا هەڵگیراوە، هەلومەرجی دەرکەوتنی سینتاکسییانەی بە هەمان ئەو تایبەتمەندییانەوە بۆ دەرەخسێنێت، کە پۆلەڕەگەزێکی سینتاکسیی_لە جۆری DP_ی هەیەتی (بڕوانە (سەعید، ٢٠٢٤، ١٢٢_١٢٥))، بۆیە بە تەنها دەرکەوتنی وەک فرێز، ڕێزمانیی و ڕێگەپێدراوە، هەرئەمەیە وادەکات فرێزەکە، تاکنواندنی ناوە تایبەتییەکەی /کارۆ/ لە سینتاکسدا بەرجەستەبکات، هاوکات جێناوە سەربەخۆکانیش، هەڵگری هەمان لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی سینتاکسیین. (بڕوانە (١٣_أ،ب)و هێڵکاریی (١١))، بۆیە تاکنواندن پەیرەودەکەن، تەنها لەو بارانەدا نەبێت، کە حوکمی سەری پرۆژەسازدەریان هەبێت و دروستەکە بەرەو جووتنواندن و پێرەوی دووپەلکیی، هەنگاوبنێت.




هێڵکاریی (١١)

هەر لەمڕووەوە لە فرێزە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی (١٣_ب)دا، خودی ناوە تایبەتییەکەی {چرۆ} بە پابەندبوون بە ڕێسای سەرکۆتاییەوە لە زمانی کوردییدا، حوکمی سەری ڕێزمانیی پرۆژەسازدەری ($X^0$) ی هەیە، بۆیە وەک کەرەستەیەکی بەدەسەڵات، ئارگومێنت-داواکەرەو پێویستیی بوونی تەواوکەرێک، ویستە فەرهەنگییەکەی تێردەکات، بەوەش تەواوی زانیارییە سینتاکسیی و سیمانتیکییەکان لە ناوە تایبەتییەکە کەوتوونەتەوەو دواتریش لە بەرهەمهێنانی پرۆژەی فرێزە خستنەپاڵییەکەدا، توخمەکە کۆتایی پرۆژەکەی گرتووەو کۆی دروستەکەش بە شێوەی جووت_فۆرمیی بەرجەستەکراوە، بەوەش جووتنواندنی سینتاکسیی پەیڕەوکردووە.

بەوپێیە نموونەکانی (١٣) ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو، کە ناوی تایبەتیی و جێناوی سەربەخۆش، پەیوەست بە بەهانەو پاساوی سینتاکسییەوە، دوو جۆر نواندنیان دەبێت: (ا) لەلایەک نواندنی تاک فۆرمیی/ تاکنواندن، (ب) لە لایەکی دیکەشەوە نواندنی جووت- فۆرمی/ جووتنواندن لە ڕێزمانی زمانی کوردییدا.

لە ڕوانگەی شیکردنەوەی نموونەکانی (١٢، ١٣)ەوە، هێڵکاریی (١٢) پەیوەست بە جیاوازیی نواندنی سینتاکسیی توخمەکانەوە دەکێشرێت.




هێڵکاریی (١٢)

هەموو ئەمانەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە بەشێک لەو فرێزە سینتاکسییانەی، لێکەوتەی (ڕەگی کرداری هێز_تێنەپەڕ، ناوی تایبەتیی کەس، جێناوە سەربەخۆکان، هەندێک لە ناوە گشتییەکان)ن، دەسەڵاتی تاکنواندنیان وەک فرێز هەن، لەبەرئەوە وشە فەرهەنگییەکان هەرگیز بە تەنها نابنە تێکردەی پێکهاتەیەکی ڕێزمانیی، مەگەر بەهۆی ملکەچبوونیان بە مەرجە دیاریکراوەکانەوە، سینتاکسییانە بواری گۆکردنیان لە جێکەوتەی فرێزدا لە شێوەی تاک فۆرمییدا، بۆ فەراهەمبکرێت.

هەر پەیوەست بە توخمی ناوەوە، پێشبینییناکرێت ناوی تایبەتیی شوێن، هەمان نواندنی ناوی تایبەتیی کەس بەرجەستەبکات، هەروەک نموونەکانی (١٤) نیشانیدەدەن، ناوی تایبەتیی شوێن، لە پێکهاتەی فرێزە سینتاکسییەکاندا، هەمیشە گۆکردنی سەری ڕێزمانیی فرێزەکەیان دەبێت، بۆیە وەک توخمێکی پرۆژەسازدەر، ڕێسای سەرکۆتایی پەیڕەودەکەن و پێکەوە لەگەڵ ئارگومێنتی تەواوکەردا، دروستەی فرێزی خستنەپاڵی ناویی لە جۆری خستەپاڵی خاوەنداریی بەرهەمدێنن، جا تەواوکەرە هەلاوێرکراوەکەی بەرجەستە/ دەرکەوتوو بێت، یاخود دەرنەبڕدرا بێت و تەنها لە دروستە قووڵەکەیدا بوونی هەبێت، چونکە وابەستەیی سیمانتیکیی ئارگومێنتی تەواوکەر بە سەرە ڕێزمانییەکەی ناوی تایبەتیی شوێنەوە، ئەدگاری [+چەسپاویی]ی پەیوەست بە دیاریکردنی ناونانە جوگرافییەکەیەوە پێبەخشیوە، ئەمەش دەبێتە پاساو بۆئەوەی دەرنەبڕینی تەواوکەر، نەبێتەهۆی بریندارکردنی ڕێسا دووپەلکییەکە، بڕوانە دروستەی ڕووکەشی ناوە تایبەتییەکانی (١٥_ا)و دروستە قووڵەکەیان لە (١٥_ب)دا، کە لە بنەڕەتدا خاوەنی پێڕەوی جووتنواندنن، بۆیە پەیڕەوی سیستمی دووپەلکییان کردووە.

١٤_ا. سلێمانیی، خۆش و دڵگیره. ~ شاری سلێمانیی، خۆش و دڵگیره.
ب. ماڵی پوورم له توویمەلیکه. ~ ماڵی پوورم له گەڕەکی توویمەلیکه.
پ. دوێنێ له ژاڵه بووین. ~ دوێنێ له گوندی ژاڵه بووین.

١٥_ا. /پێنجوێن، سەرکەپکان، ئۆرزدی، جولەکان/
ب. /قەزای پێنحوێن، ناحیەی سەرکەپکان، بازاڕی ئۆرزدی، گەڕەکی جولەکان/

گریمانەو شیکردنەوەکان بۆ بەفرێزبوونی تاکه ناوێک پەیوەست بە دروستەی زانیاریی و مەرجی فۆنۆلۆژییەوه خرانەڕوو، شیکردنەوەو مەرجەکان بۆ ئەوه بوون له نواندنه تاکەکەدا تیۆری (X-Bar) بریندارنەکات، واته هێنانەوەی بەڵگەو پاساوی فۆنۆلۆژیی و نیشانەی واتایی بۆ ئەوه بوون، تا ئەوه بسەلمێنرێت، که تاکنواندن بەپێی تیۆرەکه مەرجداره.

لێکدانەوەکان بەپێی تیۆری پاساودان (Checking) زیاتر جەخت له ئەو بۆچوونه دەکەنەوه، که توخمه فەرهەنگییەکان له هەڵبژارنی سەگمێنت و توخمەکان بۆ بەرهەمهێنانی دروستەیەکی سینتاکسیی، لەلایەن سەری ئەرکییەوه پاساودەدرێن، ئەوەش بە خشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، که دروستەی ڕێزمانیی/ سینتاکسیی، هەمیشه نواندنی جووتی دەبێت، سەره ئەرکییه بەرجەستەکان، یان نابەرجەستەکان پاساویاندەدەن و دەیانکەنه جووتنواندن، بەوەش فۆرم و بیچمی فەرهەنگیی و سینتاکسیی هەمبەر بە یەک نابن، کەواته تاکه ناوەکان، تەنانەت جێناوه سەربەخۆکانیش {کوڕ، نەوزاد، ئەو} بەپێی مینیماڵ له سینتاکسدا نواندنی جووتیان دەبێت و توخمه پاساودەرەکەیان دیارخەرێکی دەرنەبڕاوه (Null Determiner)، (بڕوانه هێڵکاریی (١٣)).




هێڵکاریی (١٣)

### ٢_٣/٢ پێڕەوی نواندنی فرێزه مۆرفۆسینتاکسییەکان

مۆرفۆسینتاکس نواندنی ڕستەیه بە مۆرفێم، ئەوەش بە خشکەیی ئەوه دەردەبڕێت، که سەرتاپای دروستەکه، تاکنواندنێکی چەند_مۆرفێمییه. پێکهاتەکه وەک مۆدێلێکی سەربەخۆی پێکهاتەی ڕێزمان، خاوەنی ئاکاری سینتاکسیی و ئارگومێنت/ توخمی پرۆژەسازدەری خۆیەتی، بە دەربڕینێکی تر "هەموو ئەو توخمانەن، که فۆرمی مۆرفیمی بەندن و دەبنه سەری پرۆژەسازدەری فرێزو دەسەڵاتی دروستەییان لەناو پرۆژەکەدا دەبێت" (فەرەج، ٢٠٢٤، ٩٦)، بشڕوانه (ئەحمەد، ٢٠٢٤، ٢٠٣). بەوپێیه مۆرفیمه بەندەکان گۆکردنی وەک توخمی فەرهەنگیی $X^0$، سەری پرۆژەسازدەری دروسته/ فرێزه مۆرفۆسینتاکسییەکانیان دەبێت، بەوەش له ڕووی پێکهاتەیی و سیمانتیکییەوه، کۆی پرۆژه مۆرفۆسینتاکسییەکه دەکەوێته ژێر هەژموون و باڵادەستیی ئەو مۆرفیمانەوەو حوکمیاندەکەن، هەروەک (حاتەم وليا محەمەد، ٢٠٠٦، ٨١) بۆچوونی وایه، هەر توخمێکی مۆرفۆسینتاکسیی، که ئەرکێکی سینتاکسیی جێبەجێدەکات، دەبێته سەرێکی ئەرکیی.

فرێزە مۆرفۆسینتاکسییەکان لەرێی مۆرفیمە بەندە سینتاکسییەکانەوە بەرجەستەدەکرێن، بە جۆرێک بەرهەمی سەرە ئەرکییەکانن و لە چێوەی رێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراودا رۆدەنرێن، هەروەک نیشانەکانی رێککەوتن لە مۆرفۆسینتاکسدا نواندنێکی بچووکتری ئەو جێناوە سەربەخۆیانەن، کە لە سینتاکسدا گۆکردنی بکەریی و بەرکارییان هەن (بڕوانە (سەعید، ٢٠٢٤، ٢٥٦))، بەوپێیە ئەو فرێزانە لەبەرئەوەی هەڵگری تەواوی زانیارییەکانن، بۆیە پەیکاڵی پۆلەرەگەزە سینتاکسییەکان، دروستەی تەواوو بێکەموکورییین.

ئەوەی گرنگە ئاماژەپێبدرێت، فرێزە مۆرفۆسینتاکسییەکان لەوڕووەوە، کە لە تاکە مۆرفیمێکدا تەواوی زانیارییە مۆرفۆسینتاکسییەکان هەمبەر بە فرێزێکی سینتاکسیی لەخۆدەگرن، بە واتا مۆرفیمەکە بە تەنها دەسەڵاتی سینتاکسیی و سیمانتیکیی پۆلەرەگەزە سینتاکسییەکەی لەئەستۆدایە، کەواتە ئارگومێنت/ فرێزە مۆرفۆسینتاکسییەکە، بەپێچەوانەی فرێزە سینتاکسییەکانەوە، تەنها مەیلی تاکنواندنی دەبێت (بڕوانە (١٦) و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (١٤)دا)، بە دەربڕینێکی تر "لە پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسدا فۆرمەکان بەرەو تاکنواندن هەنگاو دەنێن و بەمەش فرێزەکان دەبن بە تاک فۆرم" (فەرەج، ٢٠٢٤، ١١٣)، ئەمەش ئەوکاتە دروست و رێپێدراودەبێت، کە مۆرفۆسینتاکس بە پێکهاتەیەکی سەربەخۆ هەژماربکرێت، ئەگەرنا وابەستنەکردنەوەی مۆرفیمە بەندەکان لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا بە پۆلەرەگەزە سینتاکسییەکانەوە، جارێکی تر فرێزە مۆرفۆسینتاکسییەکان ملکەچی رێسا دووپەلکییەکە دەکاتەوە، لەبەرئەوەی ئەو بۆچوونەی پێکهاتە مۆرفۆسینتاکسییەکە بە لیکەوتەی سینتاکس دادەنێت (بڕوانە (والی، ٢٠٢٣، ١٣٢))، وادەکات گەڕانەوە بۆ هەر پۆلەرەگەزێکی سینتاکسیی، دروستەکە بەرەو جووت_فۆرمیی و لەویشەوە جووتنواندنیی ببات، چونکە وەک پێشتر خرایەڕوو، پێکهاتەیەکی سینتاکسیی، پێرەوی فرەنواندنیی جێبەجێدەکات، کە خۆی لە (تاکنواندن، جووتنواندنیی)دا دەبینێتەوە، کە لەوبارەدا دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکە، سیستمی جووتنواندنییەکە پەسەنددەکات.

١٦. بردمــــن.




هێڵکاریی (١٤)

## ٤/٢ جووتنواندنی سینتاکسیی

بەپێچەوانەی تاکنواندنی سینتاکسییەوە، پێدەچێت نواندنی هەندێک توخمی فەرهەنگیی، لە سیتێکی جووت_فۆرمیدا بەرجەستەبکرێت. رەفتارە سروشتییەکەی نواندنی سینتاکسیی، جووتنواندنە، ئەوەش بەوپێیەی ئەو تیۆرانەی پەیوەستی دروستەی سینتاکسیین، گریمانەکانیان لەگەڵ جووتنواندندا راستەوانەیە. بۆ نموونە لەناو دروستەی ئەو کردارانەدا، کە لە رووی هێزەوە تێپەڕن وەک ناوە کردارییەکانی /کڕین، بڕین، بردن، فرۆشتن، خواردن...هتد/، بۆیە بەرهەمهێنانی دروستەیەکی بێکەموکوڕیی بەهۆیانەوە، بە خورتیی مەرجی هەبوونی ئارگومێنتی تەواوکەر لەلایەن رەگی کردارەوە دەسەپێنێت، ئەوکات (فرێزەکان لە پێکهاتەی سینتاکسدا، جگە لەو توخمانەی کە لە پۆلەرەگەزدیاریکردنیاندا هیچ تەواوکەرێک هەڵاوێرناکەن، پەیرەوی سیستەمی دووپەلکیی/ دوولایی دەکەن.) (فەرەج، ٢٠٢٤، ١١٣)، بەوەش جووتنواندنی سینتاکسیی بۆ ئەوجۆرە کردارانە، چاوەڕوانکراوو حەتمیی دەبێت، "ئەویش بەوپێیەی کرداری فەرهەنگیی بە هەرسێ نواندنی فۆرمی سادەو داڕێژراوو لێکدراویشەوە لە نواندنە سینتاکسییەکەیدا بە تەواوکەرەکەیەوە دەچێتە

سینتاکسەوە، چونکە لە بەسینتاکسبوونی کردارەکاندا زانیاریی تیاگەنجکراوی کردارەکە دەنوێنرێت، واتە کردار هەرگیز بە تەنها نایەتە فرێزی کردارییەوە" (مەعرووف، ٢٠٢٠، ٦٧_٦٨)، هەرئەوەشە وادەکات فرێزی سینتاکسیی، کردارە هێز_تێپەڕەکان بێت، واتە سەرو تەواوکەر پێکەوە دروستەکە بونیاتبنێن، بۆیە خاوەنی دروستەیەکی جووت_فۆڕمیین. (بڕوانە (١٠_ا،ب)، هەمان لێکدانەوەش بۆ دروستەی فرێزی ئاوەڵناویی، باوو پێشبینییکراو دەبێت، ئەویش لەوڕووەوەیە، کە توخمەکە هەرگیز بە تەنها گۆکردنی سینتاکسییانەی نابێت، بەڵکو هەمیشە بە تەواوکەرەکەیەوە، کە بەڵگەیی و ویستراوی سەرە ڕێزمانییەکەیە، لە ڕێزماندا نواندنێکی جووت_فۆرمیی دەبێت و بەوەش کۆی دروستەکە پابەندی ڕێسا دووپەلکییەکە دەکاتەوە. (بڕوانە (١٧).

١٧. /باش/$^{A0}$ ⟵ {کاری باش}$^{AP}$

دەکرێت بە پشتبەستن بە تاقیکردنەوەی کۆی نموونەکانی توێژینەوەکە، جیاوازیی نواندنەکان لە ڕێزماندا بەهۆی وەچەپێکهاتە جیاوازەکانەوە، لە هێڵکاریی (١٥)دا گەڵاڵەبکرێت.




هێڵکاریی (١٥)

## ئەنجام

١. هەموو پرۆژەیەکی ڕێزمانیی لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێت، بەڵام لەڕووی سەگمێنتەوە، توخمە فەرهەنگییەکان، هاوتای دروستە بەرهەمهاتووەکانی ناو ڕێزمان نین، بەڵکو سەگمێنتی پرۆژە بەرهەمهاتووە ڕێزمانییەکان، لەوانەی ناو فەرهەنگ زیاترن.

٢. توخم و پێکهاتە زمانییەکان لە هەر وەچەپێڕەوێکی زماندا بن، پەیوەست بە تایبەتێتیی سینتاکسیی و سیمانتیکییانەوە، هەڵگری ئەدگاری جووتنواندنن، جۆری نواندنەکانیش، وابەستەی چەشنی ڕێساکانەو بەهۆیانەوە دیاریدەکرێن، بە جۆرێک تاکنواندنە ڕێزمانییەکان بە ڕێسای یەکپەلکیی و جووت–نواندنەکانیش بە ڕێسای دووپەلکیی بەرجەستەدەکرێن.

٣. پەیوەست بە خاڵی (١)ەوە، نواندنەکانی هەر وەچەپێڕەوێک بە شێوەی سێتی جووت_فۆڕمیی ڕوودەدەن، بەوەش دروستە بەرهەمهاتووەکە ئەدگاری جووتنواندنیی دەبێت، ئەگەرنا تاکنواندنە ڕێزمانییەکان وابەستەی مەرجەکانی ڕێگەپێدانن، واتە پابەندبوون بە جێبەجێکردنی مەرجەکانەوە، دەبێتە پاساوی ڕوودان و گۆکردنیان. لەمەوە نواندنە ڕێزمانییەکان دوو ڕەهەندیان هەن، (ا) زاڵێتیی فیچەری جووتنواندنی توخمەکان لە ڕێزماندا، پشتبەستە بەو بنەمایەی، هیچ کەرەستەیەک بە تەنها گۆکردنی ڕێزمانیی نابێت، بەڵکو هەر پرۆژەیەکی ڕێزمانیی، پێڕەوی جووتنواندن و لەوەشەوە ڕێسای دووپەلکیی جێبەجێدەکات، (ب) ئەگەرنا، ملکەچبوون بە مەرجی (فەرهەنگیی، ناسراویی، ئەرکیی)یەوە، هەولومەرج

و دەرفەتی گۆکردنی تاک فۆرمیی دروستەکان دەرەخسێنێت، بۆیە لەوبارەدا بە مەرج، پێکهاتە ڕێزمانییەکان تاکنواندن بەرجەستەدەکەن.

٤. تاک فۆرمی و جووت_فۆرمیی هەرجۆرێکی پێکهاتە/ فرێزە بەرهەمهاتووەکان، بنەمایەکی دروستەییانەی هەیە، هەرئەوەش دەبێتە سەنگی محەک بۆ یەکلاکردنەوەی جۆری نواندنەکەیان، کە وێرای سەگمێنت، ئاکاری سینتاکسیی و سیمانتیکییشیان لەیەکجیاوازن.

## سەرچاوەکان


– ئەحمەد، سیروان سەمین (٢٠٢٤)، لێکسیکۆ سینتاکسی دروستەی ئارگۆمێنت لە زمانی کوردیدا، نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن، هەولێر.

– سعید، سازان ظاهر ، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کودییدا، چاپخانەی پاندا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم، سلێمانیی.

– غەریب، دڵشاد محەمەد (٢٠٢٣)، هێزو ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکووکدا (لێکۆڵینەوەیەکی فۆنۆلۆژییە)، چاپی یەکەم.

– فەرەج، تریفە محەمەد (٢٠٢٤)، مۆدێلی بەرهەمهێنانی مۆرفۆسینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، تێزی دکتۆرا. کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان.

– محەمەد، حاتەم ولیا (٢٠٠٦)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.

– مەحویی، محەمەدی (٢٠٠٨)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانیی.

– مەعرووف و سەعید، عەبدولجەبار مستەفا، سازان زاهیر (٢٠١٨)، زانیاریی فەرهەنگیی_نواندنی فۆنۆلۆژیی لە کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی پێنجەم، ژمارە (١٥)

– مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، چاپخانەی سارا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانیی.

– والی، هەژار حسێن (٢٠٢٣)، پارامیتەر لە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- **10. Crystal, D. (2008) A DICTIONARY OF LINGUISTICS AND PHONETICS, SIXTH EDITION, Blackwell Publishing.**
- **11. Roach, P. (2009), English Phonetics and Phonology, A practical course, Fourth Edition, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.**
- **12.https://www.researchgate.net/publication/2471966_Principles_as_Lexical_Methods**

# التَّمثيل الأُحَادِيّ والثُنائيّ بين المُعجم والنَّحو

**عبدالجبار مصطفى معروف**
جامعة السليمانية، كلية اللغات، قسم اللغة الكردية
abduljabar.maroof@univsul.edu.iq

**سازان ظاهر سعيد**
جامعة السليمانية، كلية اللغات، قسم اللغة الكردية
Sazan.mohammad@univsul.edu.iq

**ملخص**

قد خُصصت هذه الورقة البحثيَّة لموضوع (التَّمثيل الأُحَادِيّ والثُنائيّ بين المُعجم والنَّحو). يُكمِن تلخيص العمل في أنَّ البُنية والناتج من مشاريع المُعجم ونتاجاته، على الرَّغم من وجودهما في أي مستوى من التَّركيب النَّحويّ. ولكن من المتوقع أن تختلف البُنيَّة والقِطْع المُكوَّنة لها في المُعجم والتَّركيب، حيثُ يتمُ تخزين المواد المُعجميَّة بشكل أُحَادِيّ في المُعجم. أمّا في الهياكل النَّحويَّة، فإنَّها تُبنى مجتمعة لتوليد مشروع لا تشوبه شائبة. وقد توصلت الدِّراسة إلى عدم إمكانيَّة أية مادَّة مُعجميَّة أن تكون ذات وظيفة نحويَّة بمفردها، بل إنَّ أي مشروع نحويّ يتَّبِع التَّمثيل الثُنائيّ ومن ثَمَّ يُطبِّق مبدأ الاقتران. وإلاَّ بالخضوع لشروط (المُعجميَّة، والتَّعريفيَّة، والوظيفيَّة)، سيتمُّ توفير ظُروف وفُرص وظيفة الشَّكل الأُحَادِيّ لهم. لذلك، وفي هذه الحال يتمُّ تجسيد التَّمثيل الأُحَادِيّ للبُنى النَّحويَّة بشروط.

**الكلمات المفتاحية:** التَّمثيل الأُحَادِيّ، التَّمثيل الثُنائيّ، المُعجم، التمثيل المورفولوجي، التمثيل النَّحوي

# Single and Pair Representation between Lexicon and Grammar

**Abduljabar Mustafa Maroof**
Sulaimani University, College of Language, Department of Kurdish
abduljabar.maroof@univsul.edu.iq

**Sazan Dhahir Saeed**
Sulaimani University, College of Language, Department of Kurdish
Sazan.mohammad@univsul.edu.iq

**Abstract**

This research paper is devoted to the topic of (Single and Pair Representation between Lexicon and Grammar). The work can be summarized in that the structure and the output that are the lexicon's projects and products, despite their existence at any level of grammatical structure. However, it is expected that the structure and the segments that compose it differ in the lexicon and the grammar, as the lexical items are stored in a single form in the lexicon. As for the grammatical sub-constituent, they are constructed as a set to generate a flawless project. The study has reached the conclusion that it is not possible for any lexical item to have a grammatical function on its own, but rather any grammatical project follows the pair representation system and thus applies the principle of binary. Otherwise, subject to conditions (lexical, definitional, functional), the conditions and opportunities for the function of the single form will be provided to them. Therefore, in this case, the single representation of grammatical structures is embodied with conditions.

**Keywords:** Single Representation, Pair Representation, Lexicon, Morphological Representation, Syntactic Representation